ئیستێتیک
فەلسەفەی جوانی و هونەر

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

ڕێباز و ئەنجام

١- هونەر کە بەشێکی سەرەکی ئیستێتیکە (فەلسەفەی جوانی و هونەر) و ئەمیش لقێکە لە فەلسەفە، بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پلەو پایەی شیاوی خۆی لە چوارچێوەی کولتوور و شارستانی مرۆڤدا هەیە، بۆیە سەیر نەبووە کە شان بە شانی زانست و ئایین بە ڕەهەندی سێیەمی تێگەیشتنی نهێنییەکانی مرۆڤ دانرابێ، هونەر بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندی بە تاک و کۆمەڵگەوە هەیە و وەک فەلسەفە و زانست لایەنی زانین (ئیستمی) بەرجەستە دەکات، بە تایبەتی کە لە بەرهەمەکانیدا جۆرە ئەزموونێک (خیبرە) دەردەبڕێ، ئەو ئەزموون و شارەزاییەی کە نە فەلسەفە و نە زانست ناتوانن بچنە ژێر باریەوە.

ئەزموون و شارەزایی (خیبرە) ئەوەیە کە پوختە و گەوهەری هەڵکەوتی لە ئارادابوو و ڕاستەقینە دەردەبڕێ و لە کۆیەکی یەک ڕەنگیدا گشت دیاردەکان لەودا یەک دەگرنەوە (١). ئەزموون و شارەزایی چالاکیی هونەری جۆرێکی تایبەتییە و خەسڵەتی خۆی هەیە کە پڕ بە پێستی بەرهەمە هونەرییەکەیەو لە فەلسەفە و زانست جیای دەکاتەوە، لە هونەردا ئەزموون هی تاکی هونەرمەندە و پابەندی هیچ پێوەرێکی لۆجیکی و تاقیکردنەوەی زانستییانە نییە.

- لە فەلسەفەدا ئەو هەنگاوە کارامەیە بۆ هونەر و جوانی تۆمار کراوە کە لە هەڵوێستی ئیستێتیکیدا ناکۆکی و دوو ڕەنگی نێوان بیرۆکە (ئایدیا) و بوون نەماوە و یەکلایی کراوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە ناکرێ قسە لە بوونی سەربەخۆیی جوانی لەخۆیدا بکرێت! جوانی و شتە جوانەکە لە یەکتری جیا ناکرێنەوە و ئەمەیە مەبەستی فەلسەفە دەربارەی ئیستێتیک کە گوتراوە: جوانی وەک تاک کە لە بوونی تاکەکاندا بەرجەستە بووە و هەبووە و ناکرێ باسی بوونی جوانی نموونەیی بە تەنیا بکرێ بە واتای نموونەی بەرزی ئەفلاتوون! دەشێ مرۆڤ قسە لە بیرۆکەی جوان و ناجوان بکات، بەڵام ئەمە کاتێک دەشێ کە لە جۆرێکی بوونی هەستەکی پەی پێ براودا بەدەربکەوێ و بەرجەستە ببێ.

- ئەگەر بۆ مەبەستی توێژینەوەی تیوریانە باسی خەسڵەتی چێژ و قێز بکرێت و بە بابەتی کاری هونەر و جوانییەوە بەند بکرێن، یەکسەر چەمک و چالاکی هەست (شعوری عەرەبی و Gefuhl-ی ئەڵمانی) بەبیردادێن: ئەگەر شاکارە هونەرییەکە بە بابەتە جۆر بەجۆرەکانییەوە ببێتە مایەی وروژاندنی چێژ، یان قێز، ئەم دووانە ناکرێ وەک بابەتی سەربەخۆ سەرنج بدرێن و بوونی تایبەتی خۆیان هەبێ، چونکە لەو کارە جیاناکرێنەوە کە بووەتە مایەی دەرکەوتنیان و وروژانیان لە ناخی دەروونی ئەو کەسە، یان ئەو خۆیە بە جۆرێک لە جۆرەکانی پێوەندی بە شاکارەکەوە کردووە. بوونی ڕیالیستیان نییە و شتیش نین(٢).

دەکرێ چێژ بە ئارێ هەڵبسەنگێنرێ و قێز، یان (بێز) وشە و چەمکی پەسند نەبوو (بەد) ی بخرێتە پارسەنگەوە، بەڵام ئەگەر لەچوارچێوە گشتییە هەمەکییەکەدا سەرنج بدرێت، دەکرێ ئەو خەسڵەتەی کاڵ ببێتەوە و وا لێک بدرێتەوە و کە قێز بریتی بێ لە کەموکوڕی و ونبوونی چێژ، خۆ ئەگەر، چێژ لە خۆیدا پەسەند و چاکەکاری بێت، دەکرێ بە زنجیرێکی ئاڵقە تۆندوتۆڵ بە یەکەوە بەستراو دابنرێ کە دوا ئەڵقەکەی لە ناوەندی چێژەوە دوور دەکەوێتەوە و لێرەوە قێز و بێز دەست پێ دەکات، ئەگەر هەردوو ڕەوشی دەروونیی قێز و چێژ وابێنە بەرچاو کە دژ بەیەکترین و دوو جەمسەری لەیەکتری جیاوازن، ئەوە لە ڕەهەندێکی دیکەدا بەیەکەوە بەندن (بەڵام بە جۆرێکی تایبەتی) لە کوێ چێژ کۆتایی بێت لەوێ قێز و بێز دەست پێ دەکات. ئەگەر ساردی بەپێی فیزیک جۆرێک بێ لە گەرمی، ئەوە لە فەلسەفەی هونەریشدا قێز جۆرێکە لە نارێ کردنی چێژ.

٢- ڕاستە هونەر وەک زانست مێژووەکەی بەشێک نییە لەخۆی، بەڵام سەرنجدان لە قۆناغە جیاوازەکانی هونەر و جوانی (ئیستێتیک) دەری دەخات کە هەڵوێست بەرانبەر بە هونەر سێ ڕەهەندی بەرجەستە کردووە:

- هەڵوێستێک بە جۆرێک سەرنجی هونەری داوە کە لەگەڵ بنەما و ڕێنما و پێوەری پەروەردە و ئاکار و زانستدا ناگونجێ، ئەگەر داوای دوورخستنەوەی یەکجارەکی نەکردبێ بەپێی مەرجی دەستنیشانکراوی ڕێگای پێ دراوە، هەر لە ئەفلاتوونەوە تا هیگڵ و ڕێبازی ئەزموونی لۆجیکی سەردەم.

- هەڵوێستی دووەم هونەری بە بابەتێکی ئاسایی ژیان و کولتوور و شارستانی داناوە و ڕۆڵی دیاریکراوی لە چوارچێوەی ڕەوتی ژیان و پەرەسەندندا پێ سپاردووە و شان بە شانی لقەکانی دیکەی کولتوور (زانین، ئایین، زانست) فەلسەفە سەرنجی داوە و هەڵی سەنگاندووە. هەر لە ئەرستۆوە تا دەگاتە باومگارتن و کانت و کرۆچێ.

- هەڵوێستی سێیەم کۆشاوە، تاڕادەیەکیش

لەو کۆششەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە کە هونەر بکات بە پاشکۆی ئەم لقانە: فەلسەفە، ئایین، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە هەرسێک قۆناغی فەلسەفەی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامیی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدەرکەوتووە تا دەگاتە ڕێبازی سیاسیی ڕیالیزمی سۆسیالیستی.

ئەگەر بە وردی سەرنجی هەرسێک هەڵوێست بدرێت و ڕەهەندە مێژووییەکەی هەریەکەیان لەبەرچاو بگیرێ تا ڕادەیەک ئەو ڕەخنەیەی لێیان دەگیرێ، کاڵ دەبێتەوە، ئەفلاتوون بە بیانووی پەروەردەی نەوەیەک کە خۆی ویستوویەتی، فەلسەفەی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست بەناوی پەیوەست بە بنەما و پێوەرەکانی ئاکار و جێگیرکردنی بەها و بایەخی ئاکارییانە سەرنجی هونەری داوە، نابێ ئەوەش لە یاد بچێ کە ئایین خۆی لافی دانانی ڕێوشوێنی ئاکارییانەی لە ژیان و کرداری مرۆڤی سەر زەویدا لێ داوە.

٣ - ئەو ئەنجامەی لەو سێ هەڵوێستە کەوتووەتەوە، لەوەوە سەرئاو کەوتووە، هونەر و کاری هونەری و جوانی بە چی دادەنرێ و چ پێوەندییەکیان بە ژانین و زانست و ئایین و سیاسەتەوە هەیە؟! ئایا هونەر جۆرێکە لە گەمەی داهێنان، لاسایی کردنەوەیە، یان کار و دەربڕینە؟!

ژانین خۆی پرۆسەیەکی هزرییە، پشت بە فام و ژیر دەبەستێ و کاریش، مەبەست لە چالاکییەکی پێویست و سوودبەخشە، بەڵام گەمەی داهێنان ڕاستە چالاکییە، بەڵام پێناچێ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو و نەخشە ڕەنگ بۆڕێژراوی بۆ کرابێ!

ڕاستە چالاکی، مرۆڤ دەکرێ بە دوو بەشەوە:

- تیوری
- کردەوە

وەک ئاشکرایە، بەپێی پرۆسەی تیوری ژانین (ئیستمۆلۆجی)، ژانین لەپێش کردەوەوە دێت، بەڵام چ ژانینێک؟!

- ژانینی ئاسایی، یان:

- ژانینی لۆجیکی و زانستییانە؟! ئەو جۆرە ژانینە کە لێرەدا مەبەستە پەنا دەباتە بەر ژیر و بابەتی گشتی و هەمەکی دەکات بە کەرەستەی توێژینەوە چەندان بیروبۆچوونی پشت ئەستوور بە فام (تێگەیشتن) و ژیر دادەهێنێ.

بەڵام ژانینێک کە پەیوەست بێ بە هونەر پشت بە جۆرە بۆ هاتن و سرووش (ئیلهام) ێک دەبەستێ و خەسڵەتی تاکی هەیە، دەربڕی هەست و سۆز و ناخی مرۆڤی داهێنەر و بەرهەمهێنەرەکەیە، ئیتر ئەو کەسە هونەرمەند، تابلۆکێش، پەیکەرتاش، شایەر، یان ئەدیب بێت. لێرەدا خەسڵەتی جوانی، ناجوانی، چێژ- قێز، سوودبەخش داهێنانی وێنە کە دەربڕە و بەشێکە لە فەلسەفەی هونەر و جوانی (ئیستێتیک) دەدرێتە پاڵ ئەو کارە هونەرەی و ئەدەبییە. زمانی دەربڕین لە هونەردا وێنەیە! ئەگەر لە زانستدا بە شێوازە جۆراوجۆرەکانییەوە بڕیار (حوکمدان) دەربارەی بابەتی گشتی و واتابێ، ئەوە لە هونەردا ئەو بڕیارە دەبێ بە دەربڕین و بەرجەستەکردنی واتا، بە شێوازە تایبەتییەکەی و خەسڵەتی تاکی دەبێ، ئەمەش لایەک لە بەهای کارە هونەرییەکە دەکاتەوە، بەڵام پشت ئەستوورە بە هەست و سۆز و (شعوورەوە)، کەچی لە چالاکیی زانست و فەلسەفەدا پشت بە کرداری خوازراوی پێشییانەی هۆشیار دەبەستێ و دەرفەت بە هیچ جۆرە هەستێکی ناخی دەروون و سۆز نادرێ، تەنانەت لە زمانی بەکارهێنراودا سیمبۆل و ئاماژەی ژیرەکی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و دەربڕینی هەستەکی کاڵ دەبێتەوە و جێگای لاسایی کردنەوە و داهێنانی تاکیانەی هونەری و دەربڕینی هارمۆنی و چەند ڕەنگی نابێتەوە. بابەتی ڕێتێچوون و دڵنیایی

زانستی و لۆجیکی هیچ شانس و دەرفەتیان لە کاری هونەری و ئەدەبی و جوانیدا ناکەوێ. لە هونەردا لەجیاتی دەرخستن و پەردە لادان لەسەر ڕاستی و هەڵکەوت (فاکت) جێگا بۆ دەربڕین و پەردە لادان لەسەر وێنە و ڕوخسار و شێوازی دەربڕین چۆڵ دەکات، تەنانەت ئەگەر سروش و بۆ هاتن لە کاری هونەری و جوانیدا بە هەند دانەنرێن، ئەوە توانایی هەڵبژاردنی بابەت و ڕەنگڕشتن و دەربڕین و توانایی گشتاندن و هەمەکی کردن بۆ هونەرمەند و خامە بەبڕشت و بەپێز و ڕەنگینەکەی تۆمار دەکرێت.

هونەرمەند، هەر لە سەرەتاوە بابەتی کارو چالاکییەکەی جیا دەکاتەوە بۆ ئەوەی دواتر چۆن کاری لەسەر بکات و ڕەهەندی کات و جێگا نەبن بە کۆسپ لەبەردەم مەبەستی داهێنانەکەیدا و لە پرۆسەی گۆڕان بەپێی تێپەڕبوونی کات و قۆناغ و گوێزرانەوە لە جێگاوە بۆ شوێنی تر بەسەر کارە هونەرییەکەدا پەکی بکەوێ و خەسڵەتی هەمیشە زیندوو و نەمریی پێ ببڕێ!

– بەهیچ جۆرێک ناکرێ لاری لەوەدا هەبێ کە بنەمای کاری هونەری لە لاساییکردنەوەی سروشت بەولاوە نییە، ئەگەر لایەنی ئایینی- لاهووتی لە هەڵسەنگاندندا بەلاوە بنرێ کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە سروشت داهێنراوی ڕەببە و دەبێ بەوپەڕی ڕێزەوە هەڵبسەنگێنرێ، مرۆڤیش لەدوای سروشتەوە دێت، کەوابوو کارو داهێنانەکەشی هەر پلەی یەکەمی بەرناکەوێ، لەو ڕەوشەدا جوانیی کاری هونەری تەنیا دەرکەوتی بەرچاوی شت بەرجەستە ناکات، بەڵکوو فۆرمەکەی (٣) دەردەبڕێ، تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وا باو بووە کە ڕووناکی کاتێک ئەو خەسڵەتەی دەبێ کە بەر شتێک بکەوێ و ڕووناکی بکاتەوە!. ئەو هەنگاوە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ئەو پرسیارە بکرێ: ئەگەر ئیستێتیک لەنێوان تیوری زانینی فەلسەفە و تیوری ڕەفتاری دەروونزانیدا گیر بخوات، ئازادی هونەر و هونەرمەند دەچێتە چ خانەیەکەوە، ئایا هونەر ڕۆڵی پەروەردەیی دەمێنێ، یان نا؟!

٤- لە کاری سەرکەوتووی هونەریدا لاساییکردنەوە، داهێنان و دەربڕین لە ئازادی و بلیمەتی و دەستڕەنگینی هونەرمەند جیا ناکرێنەوە، بگرە پێکەوە تەواوکاری یەکترین. بلیمەتیی هونەرمەند لەوەدا دەردەکەوێ تا چەند دەتوانێ و توانیویەتی جوانی بەهۆی نموونەیەکی کاری هونەری دابهێنێ و بەرجەستە بکات. کاری هونەری لەخۆیدا جێبەجێکردنی بەرهەستی نموونەی بیرۆکەی ژیرە. لە چوارچێوەی ڕێبازە هونەرییەکانی نوێ و سەردەمدا، ئەوەندەی پێوەندی بە ئیستێتیک و هەڵسەنگاندنی بەهاکانی کاری هونەرەوە هەیە، چەند ئاراستەیەک چالاک و کاران. هەردوو ڕێبازی ئیگزیستێنتیالیزم بە هەردوو ئاراستەی بە باوەڕ و بێ باوەڕەوە لەگەڵ ڕێبازی ئەزموونیی لۆجیکی لە چوارچێوەی فەلسەفەی سەردەمدا سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، چونکە دوو هەڵوێستی ئەوپەڕی لەیەکتری جیاواز دەربارەی کاری هونەری دەردەبڕن و پاساوی پشت ئەستوور بە شیکاری و توێژینەوە دەدەنە دەست.

ڕێبازی یەکەمیان بوون و ئازادی مرۆڤی تاک دەکاتە پێوەری هەڵسەنگاندن و دووەمیان بنەماکانی لۆجیکی بیرکاری (مودێرن) بە بنەمای شیکردنەوە و بڕیاردان و ئەنجامگیری دادەنێ:

– لە ڕێبازی ئیگزیستێنتیالیزمدا، لە چوارچێوەی فەلسەفەی سەردەم لە ئەورووپادا هەڵوێستی کیرکیگارد، کامووی، سارتر، هایدگەر بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەگەر چاو لە هەندێک وردەکاریی ئەو هەڵوێستە بپۆشرێ، لە چوارچێوە گشتییەکەدا وەک تابلۆیەکی کڵۆمی هەمەڕەنگ دێتە بەرچاو. سەرپشک لەو هەڵوێستەدا تاکی مرۆڤ خۆیەتی. ڕاستە کامووی و سارتر پتر

بەلای ئەدەب بە گشتی و چیرۆک و ڕۆمان بە تایبەتیدا چوون، بەڵام لە چوارچێوەی بابەتەکەدا ماونەتەوە.

٥- ژیان لە خۆیدا سەرچاوەیەکی بەپێزە، بەڵام لە ژێر هەژموون و ڕکێفی خواست و ئارەزوودا گیری خواردووە و ئەو سنوورە نابەزێنێ، ئەوەی ژیان ئاراستە دەکات و بەڕێوەی دەبات بنەمای حەز و ئارەزوو و چێژە، چێژیش لەکاری هونەریدا لە ڕەهەندە جیاوازیەکانییەوە دانابڕێ! بەڵام ناکرێ چێژ و حەز و ئارەزوو بەبێ بنەمای بابەتی حەز و چێژ و ئارەزوو وێنا بکرێن و بڕیاریان لە بارەوە بدرێت!

کیرکێگارد (١٨١٣- ١٨٥٥ز) داهێنەری ڕاستەقینەی ئەو ڕێبازەیە کە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (فەلسەفەی وجوودی)یان بۆ داتاشیوە. بەلایەوە مرۆڤ لە ژیانیدا بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ کە سێ جۆرە دید و سەرنج و هەڵوێست دەردەبڕن:

- هەستەکی (ئیستێتیکی)، ئاکاری، ئایینی.

ئەوی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە قۆناغی یەکەمە کە بە تێروتەسەلی باسی جوانی و چێژ و قێزی ژیانی مرۆڤی تاکی کردووە. لەو قۆناغەدا بایەخ بە دوو بابەت دەدات:

- ژیانی دون خوان کە تەفرەدەرێکی بەناوبانگی ئیسپانیا بووە و گوایە پێوەندی نائاسایی لەگەڵ پتر لە هەزار ژن کردووە و هەمیشە بەدوای چێژ و لەزەت و گۆڕاندا گەڕاوە.

- موزیک بە تایبەتی (مۆتسارتی) بە نموونە هێناوەتەوە (٤). ئەگەر چێژتن پشکی شێری لە ژیاندا بەربکەوێ، ئاوازی موزیک لەو کایەیەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، موزیک هەموو هەست و سۆزێک لە دڵ و ناخی ناوەکی مرۆڤدا دەوروژێنێ، هیچ شتێک لە جیهاندا ناتوانێ ڕکابەری موزیک بێ، یان شان لە شانی بدات، لەوەدا کە غەمبار دڵ خۆش دەکات و دڵخۆش غەمبار دەکات، غەم دەڕەوێنێتەوە و هەست و سۆز و (شعووری) ڕک و کینە کاڵ دەکاتەوە، تەنانەت لە دێر زەمانەوە کڵێسەی مەسیحی هەستی بەو ڕۆڵە گرینگەی موزیک کردووە، بەڵگەش ئەوەیە کە سیرمۆنی لە ڕۆژانی یەکشەممەدا لەگەڵ نوێژ موزیک لێ دەدرێ و جۆرە ئارامییەک بە دەروونی ئامادەبووان دەبەخشێ!

- لە ڕێبازە هونەری و ئەدەبییەکانی سەردەمدا بە جوانترین شێوە پێوەندی نێوان فەلسەفە و هونەر بە دەردەکەوێ، هەردوو ڕێبازی شەش پاڵوو Kubism و سوریالیزم ڕاستی ئەو قسەیە پشتڕاست دەکەنەوە:

لە شاکارە هونەرییەکانیاندا بە ڕوون و ئاشکرا هەست و سۆزی کەسێتی دەردەبڕن، ئەمەش لە ئاراستەیەکی سەرەکی فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزمەوە نزیکە، تابلۆ و شاکارە هونەرییەکانی سیزان و ڤان کۆخ و بیکاسۆ کە پتر لایەنی ناوەڕۆک، نەک ڕوخسار بە هەند دادەنێن، ئەو لایەنە تۆمار دەکەن، بەڵام کۆششی داهێنانی ڕوخسارێکی نوێ دەکەن کە سنووری کلاسیکییەکە ببەزێنێ و بوونی مرۆڤی سەردەم دەربڕێ. تابلۆی گۆرنیکای پیکاسۆ بە ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە، بە کەسەکان و شمەک و بابەتەکانییەوە پابەند بوونێک بە بوونی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، بگرە هەڵوێستی مرۆڤ بەبێ پەردەپۆشی وێنا دەکات، بوونی تایبەتی ڕوخسار و فۆرمی نوێ و پێوەندی نوێ خەمی سەرەکیەتی.

٦- لە فەلسەفەی هونەردا ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری نووسین لە هونەری هەڵبەست و وێنەکێشان و تابلۆ و هەڵکۆڵین و موزیک جیا دەکرێنەوە.

هەڵبەست و شایەر کەرەسەکەیان وشەیە و ئامرازی کار و چالاکی و بەرهەمهێنان و دەربڕینی هەست و سۆزی ناخی دەروونە بە هەڵچوونەوە،

بەڵام وێنەکێش و موزیکژەن ئامرازی کاروچالاکییان ڕەنگ و دەنگە، ئەم ڕوونکردنەوەیە دەچێتە چ خانەیەکی ئیستێتیکەوە؟ ئایا شایەر و هونەرمەند شت، بابەت نیشان دەدەن و دەیخەنە بەرچاو و سەرنج بۆ لایان ڕادەکێشن، یان شرۆڤەیان دەکەن و لێکیان دەدەنەوە؟

- ئەگەرچی ئەلبێرت کامووی (١٩١٣-١٩٦٠ز) پتر بە ئەدیبێکی سیاسی دادەنرێ، بەڵام دەکرێ باسی جیهاندیدێکی فەلسەفەیی لە بەرهەمەکانیدا بکرێ، بە تایبەتی (داستانی سیزیف) و (بێگانە) و (مرۆڤی یاخی) لەو سێ شاکارەدا ئەگەرچی سێ چەمکی: نامۆیی، بێهوودەیی و بێ واتا، یاخی بوون، پشکی شێریان بەرکەوتووە، بەڵام جۆرە هەڵوێستێک بەرانبەر بە هونەر بەگشتی و بە ئەدەب (هەڵبەست و چیرۆک و ڕۆمان) بەدی دەکرێ: نووسەرێک لە سەرەتای شاکارێکیدا بنووسێ کە: (بێ سوودی و خۆکوشتن) تەنیا هەر کێشەیەکی گرنگی فەلسەفەیە، ئەویش: خۆکوشتنە! ئەو بڕیارە (حوکمە) ئایا ژیان ئەوە دەهێنێ مرۆڤ بژی! پرسیاری سەرەکی فەلسەفە. (داستانی سیزیف- ل٩)، دەبێ چاوەڕێی چ هەڵوێستێکی ئارێی دەربارەی هونەری لێ بکرێت؟!

- بەلای ڕابەری ئاراستەی بێهوودەیی لە فەلسەفەدا (کامووی) پێداویستییەکی سەرەکی میتافیزیکی لە ژیانی مرۆڤی سەردەمدا دەردەبڕێ، پێداویستی دەستەبەربوونی یەکڕەنگی لە چوارچێوەی هەرەج و مەرەجی بەربڵاوی هەمەڕەنگی سەرسوڕهێنەردا، مرۆڤی سەردەم لە جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەریدا ئەو نەزم و یەکڕەنگییە بەدی ناکات، بۆیە دەکۆشێ بە سایە و هۆی هونەرەوە جیهانێکی دیکەی تانوپۆی ئەندێشە ڕەنگ بڕێژێ کە بریکار و تەواوکاری جیهانی هەڵکەوت (ڕێئالیستی- واقیعی) بێت کە دەکرێ بە (جیهان و مەملەکەتی ئایدیالیستی نموونەیی) ناوببرێ! بۆیە کامووی گوتەنی (٥): هونەر لە پوختە و گەوهەردا لەو بزووتنەوە یاخی بوونەی مرۆڤ بەولاوە نییە کە مەبەستیەتی هەڵکەوتی لە ئارادابوو ڕەت بکاتەوە و کار بۆ داهێنانی جیهانێکی نوێ بکات کە تێیدا مرۆڤی حەپەساو و سەرسام و یاخیبوو یەکڕەنگی و هەماهەنگی و پێکەوە گونجان دەستەبەر ببێ! بۆیە ئەو یاخی بوونە لە خۆیدا بە بۆچوونی کامووی یاخی بوونێکی ئیستێتیکی جوانیانەیە، ئیتر هونەرەکە هەر جۆرێک بێت لە هونەرمەند کاری لەسەر دەکات، ئەوە چالاکییەکە لە پێناوی داهێنانی سەرلەنوێی جیهان، سروشتێکی داهێنەرانەی هەیە، ئەو بۆچوونە دەربارەی هونەر و ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە دوو خاڵ دەوروژێنێ:

یەک: ڕاستە لە ژیان و جیهاندا ستەم و جەور و بێداری و کڵۆڵی و ئاژاوە و سەرگەردانی هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا ڕەهەندێکی ژیان و جیهانە و هەموو شتێک نییە، ناکرێ جیهان بەو جۆرە بێئومێدی و ڕەشبینییە وێنا بکرێت.

دوو: ناکرێ هونەر تەنیا لەو سۆنگەیەوە سەرنج بدرێت کە هەر ڕەتکردنەوە و یاخی بوون بێ. هونەرمەند کاتێک ڕەوشێکی ناهەبار ڕەت دەکاتەوە و لێی یاخی دەبێ، دەبێ لایەنە لە بارەکانی ژیان و جیهانیشی لەبەرچاو بێ و بیانبینێ. ئەوکاتە دەتوانێ داهێنان بکات کە ئەگەر بەها جوانەکانی ژیانیش بە هەند وەربگرێ و بیانکات بە نموونەی داهێنانی (جوانی و هونەر) هاندان بەرەو پابەندبوون بە بنەما بنەڕەتییەکانی ژیانی شایستە بە مرۆڤ.

٧- ئاراستەیەکی دیکەی فەلسەفەی سەردەم کە ڕۆڵی سەرنجڕاکێش و بەرچاوی هەبووە دەربارەی هەڵسەنگاندنی کاری هونەری و جوانی و ئەو ئەرکەی ئەو بابەتە دەچێتە ژێر باریەوە، فەلسەفەی ئیمپریزمی لۆجیکییە کە لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە ئەورووپا

دەرکەوتووە. ئەو ڕێبازە بە پێچەوانەی ئاراستەکانی دیکەی فەلسەفەوە بابەتی لۆجیکی مودێرن و ئامرازەکەی کە بریتییە لە (شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زمان)ی کردووە بە پێوەری هەڵسەنگاندنی کاری هونەری! بەڵام چۆن دەکرێ هونەری گۆشکراوی هەست و سۆزی ناخی دەروون لەگەڵ بنەما وشک و بێگیانەکەی لۆجیکدا بێتەوە؟! ئەو ڕێبازە لە دەستپێکی پەیدابوونییەوە بەگژداچوونی هزری میتافیزیکی و بەزانست کردنی فەلسەفەی کردووە بە غەمی سەرەکی خۆی و کەرەسەی زمانی میتافیزیک و فەلسەفە و کولتووری کردووە بە بابەتی تاووتوکردن و شیکردنەوە، بەڵام ئایا هونەر بە زمان دەدوێ؟!

- ئەگەرچی ئەو ڕێبازە، بە تایبەتی ڕابەرەکانی بەرهەمێکی سەربەخۆی تایبەتی بە کاری هونەر و هونەری جوانیان نەنووسیوە، بەڵام لە چوارچێوەی جیهاندیدە فراوانەکانیانەوە و بەپێی ئەو پێوەرەی بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتی فەلسەفە و زانست و کولتوور پشتیان پێ بەستووە، دەکرێ سوود وەربگیرێ بۆ شیکردنەوەی هەڵوێستیان دەربارەی بابەتی هونەر و جوانی (ئیستێتیک) بەگشتی:

- زانین لە دوو لایەنی هزری (بیروبۆچوون و ڕا و وێناکردن) و لایەنی ماددی کە زمانە و ئەو بابەتانەی هزر دەکات بە دەنگ و ئاماژە و سیمبۆل و دەربڕین، کەوابوو ڕۆڵی زمان هەڵبەستنی پردی پێوەندییە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا، هەر زمانەکە خۆی کە ئامرازە، دەکرێ ببێ بە بابەت و کەرەسەی توێژینەوە کە لایەنی ماددییەکەیە و ناوەرۆکی هزر دەکات بە دەنگ و وشە و پیت و ڕستە و دەستەواژە، لێرەوە ڕێبازی ئیمپریزمی لۆجیکی دەستبەرداری زانینی دەوروبەر دەبێ و پشت بەو زمانە دەبەستێ کە ئەو دەوروبەرە دەردەبڕێ: ئەوە بووە مەبەستی فێگنشتاین کە لە تراکتاتوس دا گوتوویەتی پێوەندییەکی لەیەکتری چوون لەنێوان زمان و جیهانی دەرەکی (دەوروبەردا) هەیە: زمان لە دەستەواژە پێکهاتووە، جیهانیش بریتییە لە کۆی تەواوی هەموو ئەوانەی ڕەوشی هەڵکەوتی ڕاستەقینەیان لێ پیکدێت(٦). زمان بەدەستەواژە و دەنگ، شمەکی دەوروبەر دەردەبڕێ. لێرەوە ئەو ڕێبازە زمان تاووتو کردووە بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجەی ڕەنگی بۆ ڕشتووە، بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتەی زمانی بە پێوەری لۆجیکی نوێ کراوە بە سێ جۆر دەستەواژە:

- دەستەواژەی شیکاری سادە (بابەتی بیرکاری و لۆجیک).
- دەستەواژەی لێکدراو (بابەتی زانستە ئەزموونییەکان).
- دەستەواژەی بێ واتا و بێ دەلالەت.

بەپێی ئەو پۆلین کردنە، دەبێ هونەر بچێتە خانەی کام لەو جۆرە دەستەواژانە کە ئامرازی دەربڕینەکەن؟!

بەو پێیە شیکردنەوەی ئەو دەستەواژانەی کاری هونەرییەکە دەردەبڕن، نەک کەسایەتی هونەرمەندخۆی، یان ئەو ڕەوش و هەلومەرجەی بەرهەمەکەی تێدا داهێناوە دەبنە بابەتی ڕەخنەکردن و هەڵسەنگاندن، بەڵای ڕابەرانی ئەو ڕێبازەوە پرسیار دەربارەی واتا و دەلالەتی کاری هونەری بایەخێکی زانستییانەی نییە، چونکە کارەکە نە لاساییکردنەوەیە و نە دەڕبڕینە، بەڵکوو داهێنانێکی نوێیە لە چوارچێوەیەکی دیار و تایبەتیدا کە ناکرێ بڕیاردان بێ دەربارەی هەڵکەوتی لە ئاراستەبووی سروشتی دەرەکی دەوروبەر. ئەو دەستەواژانەش کە کاری هونەری بەگشتی و چەمکی جوانی بەتایبەتی دەردەبڕن، لە هەست و سۆزی ناخی دەروونی مرۆڤەوە کەوتوونەتەوە و بەپێی

پێوەری لۆجیکی لەچوارچێوە گشتییەکەدا واتا و دەلالەتەکەیان کێشەی لەسەرە، بۆ نموونە کە مرۆڤ دەڵێ (جوانی) باسی چی دەکات؟! جوانی لە خۆیدا باسی شتێکی تایبەتی دیارکراو ناکات کە بوونی سەربەخۆی هەبێ، بەڵکوو سۆزی قسەکەر و بینەر دەردەبڕێ و دوور نییە کار لە بیسەر و بینەر بکات، وشەی جوانی خۆی لەناوێک بەولاوە نییە، ئەوی هەیە تاکی جوانە! ئەو جوانییەش بوونەکەی بە هیچ بنەمایەکی لۆجیک و شیکردنەوەی زانستی یەکلایی ناکرێتەوە، چونکە سیمبۆلێکە دەلالەتەکەی کێشە لەسەرە بەوەی ئاماژە بە بابەتێکی پەتی نادات، بەڵکوو پێناسەی تاک (هەندەکی) دەکات! بە دەربڕینی چەند خەسڵەتێک کە وشەکە کۆی کردووونەتەوە، واتە ئەو بیرۆکەیەیە کە دەستەواژە دەری دەبڕێ دەلالەتیش ئەو شتەیە کە پستەکە ئاماژەی پێ دەدات.

- چێژ خەسڵەتی سەرەکی کاری هونەر و جوانییە، بابەتێکی ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێ، بۆیە بڕیاردان (حوکم) لە بارەی چێژ و جوانییەوە بە هەمان پێوەر ڕێژەیی و پابەندی خودی بڕیاردەر خۆیەتی و هەر سەبارەت بە خۆی کە چێژتوویەتی، واتابەخشە (٧). ئەزموون و پەی بردن بە بابەتی جوانی (ئیستێتیکی) لە خۆیدا هەست و سۆز و (شعوورە)، کاتێک مرۆڤ هەست بە چێژ و جوانییەک دەکات، خەسڵەتێکی لە ئارادابووی شتەکە لەخۆیدا پەی پێ نابات، بەڵکوو هەست بە بوونی سۆز و (شعوورێکی) خۆیەکی دەکات کە بوونی ئەو شتەی لە بەرانبەریدایە، لە ناخیدا وروژاندوویەتی.

- هەڵوێستی ئیمپریزمی لۆجیکی لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە هونەر وەک میتافیزیک ناچێتە خانەی ئیستمۆلۆجی و زانستەوە، چونکە دەربڕی هەست و نەستە و واتا و دەلالەتێکی دڵنیایی لێ کردنی نییە و بڕیار و ئەنجامەکانیشی بە هیچ بنەمایەکی ئەزموون و لۆجیک و زانست یەکلایی ناکرێنەوە.

سەرچاوە و پەراوێز:

1-F.H.Berdley: Erscheinung und WirkLich Keit Felix Meiner Verlag. Leipzig 1928. S.374.ff.

2-F.H. Beradley: Ebenda. S.377.ff.

3-Gethmann- Siefert: Einfuhrung in die Aesthetik. UTB. W.Fink. Munchen 1995. S.144.ff.

4-Soren Aabye Kierkegaard: Entweder-oder. Teil. I und II. Munchen 2007. dtv. S.62. ff.

٥- د. زكريا إبراهيم: فلسفة الفن في الفكر المعاصر، القاهرة، ١٩٨٨، ص١٧٧.

6-Ladwig Wittgenstein: Traktatus-Logi co Philosophikus. Para: 1:1.

٧- دكتور فؤاد زكريا: اراء نقدية في مشكلات الفكر والثقافة، الأسكندرية ٢٠٠٤، ص٢٨٥، وفي اماكن اخرى.